Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 5

# هەڵسەنگاندنی مەترسییە مرۆیی و ژینگەییەکان بۆ سەر شوێنەوارە مێژووییەکان لە قەزای پشدەر

**سەلام محمود ناصر [1] ,محمد وتمان محمد [2]**

1-بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، سلێمانی، عێراق
2-بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، سلێمانی، عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**چالاکی گەشتوگوزار، ئالانگاری مرۆیی، ئالانگاری ژینگەیی، میراتە مێژووییەکان، پەرەپێدانی بەردەوام.**

**Corresponding Author**

salam.mahmud@uor.edu.krd
mohammed.watman@uor.edu.krd

## پوختە:

شوێنەوارە مێژووییەکان سەرچاوەیەکی کەلتوری گرنگ و بەنرخن، ئاشنامان دەکەن بە شارستانیەتی ڕابڕدوومان. لەهەمانکاتدا وەك سەرچاوەیەکی ئابوری گرنگ سەیردەکرێن، بەو پێیەی دەتوانرێت لە بواری چالاکی گەشتوگوزار وەبەربهێنرێن ببن بەسەرچاوەیەکی سەرەکی کۆکردنەوەی داهات بۆ ئابووری وڵات. قەزای پشدەر لە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە ناوچەی توێژینەوەکەیە، چەندین شوێنەواری گرنگی مێژووی لە خۆدەگرێت. بەڵام بەهۆی چەندین ئالانگاری مرۆیی و ژینگەیی ڕۆژ بەڕۆژ مەترسی لە ناوچوونیان زیاتر دەبێت. گرنگترین مەترسیە مرۆییەکان بریتین لە فراوانبوونی شارەکان، دەستدرێژی کشتوکاڵی، پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و هەڵکەندنی نایاسایی و دزینی شوێنەوارەکان، کە هەموو ئەمانە بەشدارن لە تێکچوونی شوێنە مێژووییەکان. سەرەڕای ئەوەش، مەترسییە ژینگەییەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا، ڕماڵینی خاک و داتەپینی زەوی زیاتر ئەم شوێنەوارانە دەخاتە مەترسییەوە.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئەم مەترسیانە و دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکیەکان و ڕادەی تێکچوونی شوێنەوارەکان، بەبەکارهێنانی دیدێکی جوگرافی و پێشنیارکردنی ستراتیژی بەردەوام بۆ پاراستنی میراتە مێژوویەکان و پەرەپێدانی بەردەوامی گەشتوگوزار، ئەمەش بە یەکخستن و بەکارهێنانی زانستی هەستکردن لە دوورەوە و سیستمی زانیاریە جوگرافیەکان و ڕووپێوی مەیدانی دێتە دی.

توێژینەوەکە سیاسەتەکانی پاراستنی ئێستا شیکردۆتەوە و تیشکی خستۆتە سەر کەلێنە پراکتیکەکانی بەڕێوەبردنی شوێنەوارەکان. هەروەها ڕێبازێکی گشتگیری پێشنیارکردووە کە چوارچێوەی یاسایی بەهێزتر، بەشداریکردنی کۆمەڵگا، و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وەک هەستکردن لە دوورەوە و بەڵگەنامەی دیجیتاڵی تێکەڵ کردووە. جگە لەوەش، تێکەڵکردنی پاراستنی میراتە مێژوویەکان لەگەڵ گەشەپێدانی گەشتیاری بەردەوام دەتوانێت هاندانێکی ئابووری بۆ پاراستن دابین بکات.
ئەنجامەکانی توێژینەوەکە تێڕوانینێکی بەنرخ پێشکەش دەکەن بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکانی پشدەر. هەروەها بەشداردەبن لە گفتوگۆ جیهانییەکان سەبارەت بە هاوسەنگکردنی پاراستنی میراتی کولتووری لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوامی گەشتوگوزاری ناوچەیی.

## 1. پێشەکی:

شوێنەوارە مێژووییەکان سەروەت و سامانی کولتووری سەرەکین کە کۆمەڵگاکانی ئێستا بە ڕابردوویانەوە دەبەستنەوە، تێڕوانینێکی بە نرخ بۆ شارستانیەت و نەریت و دەستکەوتە تەلارسازییە کۆنەکان پێشکەش دەکەن (Bond & Worthing, 2016). ئەم شوێنانە نەک هەر گرنگییەکی مێژووییان هەیە بەڵکو بەشدارن لە ئاشکراکردنی ناسنامە و میراتی ناوچەکان، ئەمەش وایان لێدەکات هەم بۆ پاراستنی کولتووری و هەم بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری بەنرخ بن (Ismagilova et al., 2015). قەزای پشدەر کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عێراق، شوێنی چەندین شوێنی شوێنەواری و مێژوویە کە ڕەنگدانەوەی مێژووی دەوڵەمەندی ناوچەکەیە. بەڵام ئەم شوێنەوارانە بە هۆکاری جۆراوجۆر و بە تایبەت بەهۆی هەردوو چالاکیی مرۆیی و هۆکاری ژینگەییەوە ڕووبەڕووی مەترسیی زیاتر بوونەتەوە، ئەمەش نیگەرانییەکان لەبارەی پاراستن و بەردەوامیی درێژخایەنیان دەوروژێنێت.

شوێنەوارە مێژووییەکان وەک سەروەت و سامانی کولتووری گرنگ کاردەکەن کە دەستکەوتە تەلارسازی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی شارستانیەتەکانی ڕابردوو دەپارێزن. ئەم شوێنانە نەک هەر پەیوەندییەک بە مێژووەوە دەرەخسێنن بەڵکو لە ڕێگەی گەشتیاری کولتوورییەوە بەشدارن لە گەشەسەندنی ئابووری. لە ناوچەکانی وەک عێراقدا کە میراتی شوێنەواریی دەوڵەمەند بە قووڵی لە ناسنامەی نەتەوەییدا چەسپاوە، پاراستنی شوێنە مێژووییەکان زۆر گرنگە (Ahmad, 2022). قەزای پشدەریش کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عێراق، شوێنی چەندین شوێنەواری بەرچاوە، کە ڕەنگدانەوەی چەندین سەدەی گەشەسەندنی مێژوویی و کولتوورییە، بەڵام ئەم شوێنەوارە بەنرخانە ڕووبەڕووی مەترسی زۆر بوونەتەوە لەلایەن هەردوو چالاکییەکانی مرۆڤ و گۆڕانکارییە ژینگەییەکانەوە، ئەمەش پاراستنی درێژخایەنیان و بەهای گەشتوگوزارییان دەخاتە مەترسییەوە.

فراوانبوونی شارنشینی خێرا، فراوانبوونی کشتوکاڵی ڕێکنەخراو، پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، هەروەها هەڵکەندنی نایاسایی شوێنەوارەکان، لە گرنگترین هۆکارەکانی تێکچوونی شوێنەوارە مێژووییەکانن لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا. زۆرجار پرۆژەکانی گەشەی شار و ژێرخانی شارەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر شوێنەوارەکان و دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پێکهاتەیی و لەدەستدانی ڕەسەنایەتی مێژووییان (Butt et al., 2025). بە هەمان شێوە چالاکییە کشتوکاڵییە ڕێکنەخراوەکان بووەتە هۆی گەمارۆدان و تێکچوونی زەوی شوێنەوارەکان (Stonich, 2021)، لە کاتێکدا هەڵکەندنی بێ مۆڵەت وەك کاریگەرترین فاکتەری وێرانکەر بووەتە هۆی تاڵانکردن و لەناوبردنی شوێنەوارەکان، بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم (Brodie & Renfrew, 2005). ئەم مەترسیانەی مرۆڤ بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا، ڕاماڵینی خاک و ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا زیاتر خراپتر دەبن. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و زیادبوونی شێ و کارەساتی سروشتی تێکچوونی پێکهاتە کۆنەکان خێراتر دەکات و هەوڵەکانی پاراستن هێندەی تر چالاک دەکات (Dawson, 2023)، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە سەرجەم ئەم کێشانە بە ئاست و شێوەی جیاواز لە ناوچەکە شوێنەوارییەکانی ناوچەی توێژینەوە بوونیان هەبێت.

سەرەڕای بوونی ئەم مەترسیانە، سیاسەتەکانی پاراستن و ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی شوێنەوارەکانیش هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین. زۆرجار چوارچێوە یاساییەکانی ئێستا بۆ پاراستنی شوێنەوارەکانی ناوچەکە وەك خۆی جێبەجێناکرێن، ئەمەش زۆرێک لە شوێنەکان بەرەوڕووی لەناوچوون هێشتۆتەوە. سەرەڕای ئەوەش، یەکخستنی سنووردار لە ئامرازە پێشکەوتووەکانی چاودێریکردن هەیە، وەک سیستەمی زانیاری جوگرافی (GIS) و زانستی هەستکردن لە دوورەوە، کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە هەڵسەنگاندنی تێکچوونی شوێنەوارەکان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی پاراستنی کاریگەری شوێنەوارەکان. لەلایەکی ترەوە نەبوونی بەشداریکردن و هۆشیاری کۆمەڵگا هەوڵەکانی پاراستنی شوێنەوارەکان زیاتر لاواز دەکات، چونکە زۆرجار دانیشتوانی ناوچەکە ئاگاداری گرنگی پاراستنی ئەم سەروەت و سامانە کولتوورییانە نین. لەبەرئەوە بەبێ دەستێوەردانی دەستبەجێ، پشدەر مەترسی لەدەستدانی نەک تەنها میراتی مێژوویی خۆی بەڵکو دەرفەتە ئابوورییەکانی پەیوەست بە گەشتیاری میراتیش لەدەست دەدات.

بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە هەڵسەنگاندنی کاریگەریی مەترسییە مرۆیی و ژینگەییەکان لەسەر شوێنەوارە مێژووییە دیارەکانی قەزای پشدەر و پێشنیارکردنی ستراتیژی پاراستنی بەردەوام و گەشەپێدانی گەشتوگوزار. جگە لەچەندین ئامانجی لاوەکی کە بریتین لە دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی هەڕەشە سەرەکییەکان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای جیۆفەزایی و ڕووپێوی مەیدانی، هەڵسەنگاندنی ڕادەی تێکچوونی شوێنەوارەکان، پشکنینی سیاسەتەکانی پاراستنی ئێستا، و پێشنیارکردنی ستراتیژییە بەردەوامەکان کە چاکسازییە یاساییەکان، بەشداریکردنی کۆمەڵگا و تەکنەلۆژیای چاودێری پێشکەوتوو تێکەڵ دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، توێژینەوەکە ئامانجێتی لێکۆڵینەوە لەوە بکات کە چۆن گەشتیاری میرات دەتوانێت وەک هاندەرێکی ئابووری بۆ پاراستن بێت، دڵنیای دەدات لەوەی کە هەوڵەکانی پاراستن لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدانی ناوچەییدا هاوتەریبن.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، توێژینەوەکە ڕێبازێکی گشتگیری جوگرافی بەکاردەهێنێت، کە لەلایەك بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییە مرۆیی و ژینگەیەکان، شیکاری GIS، هەستکردن لە دوورەوە، ڕووپێوی مەیدانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خۆدەگرێت و لە لایەکی ترەوە تەکنیکی شیکاری SWOT (خاڵە بەهێزەکان، لاوازییەکان، دەرفەتەکان، هەڕەشەکان) بەکاردەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی توانای گەشەپێدانی گەشتیاری میراتی بەردەوام لە قەزاکەدا. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ئەو ستراتیژەی کە توێژینەوەکە بۆ پاراستنی میراتە کلتورییەکان و پەرەپێدانی گەشتوگوزار خستویەتەڕوو گرنگ و پربایەخن، بەو پێیەی لەسەر ئاستی ناوچەی بەشدار دەبن لە گوتاری فراوانتر سەبارەت بە

پاراستنی میراتی کولتووری، لە هەمانکاتدا لە سەرئاستی ناوخۆی دەبن بە بنچینە بۆ پاراستن و بەڕێوبردنی تەواوی شوێنەوارە مێژوویەکانی ناوچەکە.

## 2. ناوچەی توێژینەوەکە:

### 2. 1. قەزای پشدەر:

قەزای پشدەر لە سنوری پارێزگای سلێمانی، ناوچەیەکی گرنگی مێژوویی و جوگرافییە، دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە و هەرێمی کوردستانی عێراق. لە ڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان دوو بازنەی پانی (20⁼ 00⁻ 36° - 06⁼ 30⁻ 36°) باکور و دوو هێڵی درێژی (04⁼ 49⁻ 44° - 10⁼ 23⁻ 44°) ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی بڕوانە نەخشەی (1). قەزای پشدەر بە تۆپۆگرافیای هەمەچەشنی وەك زنجیرە چیای بەرز و نارێك، دۆڵی قوڵ، گرد و دەشتی بە پیت تایبەتمەندە. دیمەنی ناوازەی سروشتی قەزاکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دارشتنی شێوازی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و پێشکەوتنە کولتوورییەکان بە درێژایی مێژوو. قەزای پشدەر بە سامانە سروشتییە دەوڵەمەندەکانی ناسراوە، لەوانەش خاکی بەپیت، تۆبۆگرافیای جۆراوجۆر، دارستان و لەوەڕگەی سروشتی فراوان، هەورەها ئاوی شیرینی ڕووبارەکانی وەک زێی بچوك و ڕووبارەکانی (ژاراوە، گارڕفێن، دۆڵەبەفرە..هتد) کە پاڵپشتی کشتوکاڵ و بژێوی ناوخۆیی دانشتیوانەکەی کردووە و دەکات بڕوانە (ناصر, 2016).

قەزاکە لە ڕووی کەش و هەواوە سەر بە سیستمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە، کە زستانی ساردو باراناویە، هاوینی گەرم وشك لە ناوچە دەشتایەکان و فێنك و وشك لە ناوچە شاخاوییەکان ئەزموون دەکات. وەرزەکانی بەهار و پایزی تارادەیەك شێدار و مامناوەندە لەڕووی ئاووهەواوە. تێکراکانی ڕەگەزەکانی کەشی ساڵانە و وەرزانە و ڕۆژانە دەگۆڕێت بە گۆڕانی شوێن و کات لە ناوچەی توێژینەوە، تێکرای پلەی گەرمی ساڵانەی ناوچەکە لە نێوان (13.93 بۆ 20.8 پلەی سیلیزیە) و هەروەها تێکرای داباریینی ساڵانە بە نزیکەی لە نێوان (700 بۆ 840) ملم/ ساڵە، ئەم گۆڕاکاریانەش دەبن بە هۆکارێکی سەرەکی لە دایناميکی ژینگەیی و کاریگەری لەسەر شوێنەوارەکان بەجێدەهێڵێت .بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تایبەتمەندییە سروشتی و ئابووریەکانی قەزاکە بڕوانە (ناصر, 2016). قەزای پشدەر بە هۆی هەڵکەوتە ستراتژیکییەکەیەوە، لە مێژوودا وەک گۆڕەپانێک بۆ بازرگانی و کۆچکردن بووە، شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیا بە ئێرانەوە بەستۆتەوە. ئەم پێگەیشتنە کاریگەری قووڵی لەسەر میراتی کولتووری و مێژوویی ناوچەکە بەجێهێشتووە، ئەمەش وایکردووە ببێتە خاڵێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان (میراودەلی, 2012).

قەزای پشدەر جگە لە گرنگی جوگرافی و مێژووییەکەی، ناوچەیەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام. چونکە قەزاکە دەوڵەمەندە بە بنەما سروشتی و مرۆییە سەرەکیەکانی گەشتوگوزاری بەردەوامی وەك بە دیمەنە سروشتییە ناوازەکان و گوندە کەلتوریە کوردییەکان و چەندین شوێنەواری مێژووی ئاینی کۆن و ئاسنکارییە گەشتوگوزاریەکان...هتد. ئەم بنەمایانە بوونەتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران و توێژەرانی بواری گەشتوگوزار و شوێنەواری (یوسف, 2017). بەڵام پەرەسەندنی فشارەکانی شارنشینی و گۆڕانی ژینگەیی و چالاکییە مرۆییەکان مەترسی لەسەر میراتە شوێنەواریی و کولتوورییەکان وەك یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی گەشتوگوزاری بەردەوام دروست دەکەن، ئەمەش پێویستی بە ستراتیژی گشتگیر هەیە بۆ گەشتیاری بەردەوام و پاراستنی میراتەکان لە ناوچەکەدا.

### 2. 2. ناساندنی شوێنەوارە مێژوویەکانی کەیسی توێژینەوەکە*:


#### 2. 2. 1. قەڵاتی قەڵادزێ:

یەکێکە لە قەڵاتە دێرینەکانی کوردستان، دەکەوێتە دەروازەی شاری قەڵادزێ ی سەنتەری قەزای پشدەر بڕوانەی نەخشەی (2). ئەم شوێنەوارە پێکهاتووە لە قەڵایەکی دەستکردی بەرز کە دەڕوانێت بەسەر شاری قەڵادزێدا، هەردوو چەمی (زێی) چۆمغرکە لە باکوری، چەمی ئاڵاوە لە باشوری، لە پشتەوەی قەڵاکە بەیەك دەگەن، بۆیە پێدەچێت ناوی شاری قەڵادزێ (قەڵای دوو زێ) یش لەوەوە هاتبێت. هەرچەندە تا ئێستا کنە و پشکنینی تەواو بۆ ئەم شوێنەوارە ئەنجامنەدراوە و بە تەواوەتی نهێنیەکانی نازانرێت، بەڵام لە ساڵی 2013 لەلایەن بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و زانکۆی لایدن پشکنینی سەرتای بۆ ئەم شوێنەوارە ئەنجامدراوە بە فەرمی تۆمارکراوە (قاسم, 2017).

سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی قەڵاتەکە، چەند بیروڕایەکی جیاواز هەیە، بەشێکیان پێیان وایە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش زاین، بەشێکی تر پێی وایە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێرنشینی سۆران، بۆچوونی سێیەم ئەوەیە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی هاتنی بابانەکان بۆ ناوچەکە لە ساڵەکانی 1650 – 1851 دەگەڕێتەوە. بەڵام بە بۆچوونی زۆربەی شاەرزایانی بوارەکە ڕای پەسەند ئەوەیە ئەم قەڵاتە مێژووەکەی زۆر کۆنترە لە مێژووی سەدەکانی 15 تا 19 (شوێنەوارناس, 2025). پشکنینی سەرتای بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و زانکۆی لایدن تەمەنی شوێنەوارەکەیان بۆ 4000 تا 1000 پ. ز گەڕاندۆتەوە (قاسم, 2017).

* هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری مێژووی ئاشکراو و (ئاشکرانەکراو) لە قەزای پشدەر بوونیان هەیە، بەڵام توێژەران تەنها هەرسێ شوێنەواری مێژووی بە ناوبانگی (قەڵاتی قەڵادزێ، قەڵاتی دینکە، هەورەها قەڵاتە هەولێر) لە سنوری قەزای پشدەر وەك نمونە وەرگرتوە و توێژینەوەی مەیدانیان تێدا ئەنجامداوە.

**نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی قەزای پشدەر و ناوچە شوێنەواریەکان بە گوێرەی عێراق، هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی**





سەرچاوە: کاری توێژەران، بە پشت بەست بە بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، و سەردانی مەیدانی بۆ ناوچە شوێنەواریەکان. بەبەکارهێنانی ArcMap GIS 10.8.

تەها باقر لە کتێبی (المرشد الى مواطن الاثار واحضارة) دا، باسی لەوە کردووە، کاتێك (سەلجۆنی دووەم) دەیەوێت لە کوردستانەوە پەلاماری وڵاتی فارس بدات بە پشدەردا تێدەپەڕێت و لە نوسراوەکانی ئەکەدیەکان ئاماژە بەهەبوونی قەڵایەك لە ناوچەکەدا کراوە. هەروەها لە بیرەوەریەکانی حاکمی مەدەنی بەریتانیا لە کوردستاندا دەڵێت بەرلەوەی بگەینە قەڵادزێ لە لای ڕاستی ڕێگاکە گردێکی گەورە دەبینرێت کە دارو پەردووی نیشتەجێبوونی ئاشوری کۆنە، پێدەچێت شوێنەواری شاری (زەمبی) بێ کە لە دووەم هەڵمەتی سەرجۆنی ئەکەدیدا ناوی هاتووە، هەروەك چۆن لەو هەڵمەتەدا ناوی چیای ئەسمیرا هاتووە، کە ڕەنگە ناوی چیای قەندیلی ئێستا بێت (خدر, 2008).

سەبارەت بە شێوەو پێکهاتەی قەڵاتەکە، شێوەیەکی نیمچە لاکێشەی بەلای خڕیدا هەیە، بنکەیەکی فراوانی هەیە، لەبەشی سەرەوەی فراوانیەکەی کەمتر دەبێتەوە، ڕووبەرەکەی (23560) مەتر چوارگۆشەیە. بۆ بنیاتنانی قەڵاتەکەش سوود لە بەرد و قوڕ وەرگیراوە. بەجۆرێك چینێکی لەبەرد پێکهاتوە و چینێکی تری لە گڵ و خۆڵ هەڵچنراوە، بەڵام نازانرێت پێکهاتەی ناوەوەی قەڵاکە لە چی پێکهاتوە و چی تێدایە، چونکە تا ئێستا پشکنینی تەواوەتی بۆ نەکراوە.

بەگەڕانەوە بۆ مێژووی دروستکردنی قەڵاتەکە و شوێنی جوگرافی بنیات نانەکەی لە دەروازەی شاری قەڵادزێ و قوڵای قەزای پشدەر وا دەردەکەوێت مەبەست لە بناتنانی لایەنی سەربازی بووبێت، واتە ئەم شوێنە وەك بارەگایەکی سەربازی بۆ چاودێریکردن سوودی لێوەرگیراوە، بەو پێیەی زاڵبووە بەسەر دەوروبەریدا (شوێنەوارناس, 2025). بڕوانە نەخشەی (2).

**نەخشەی (2) پێگەی شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی و ناوچە شوێنەواریەکانی کەیسی توێژینەوەکە، بە گوێرەی مەرکەزی قەزای پشدەر**




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە سەردانی مەیدانی و بەکارهێنانی بەرنامەی ArcMap GIS 10.8، و وێنەی ئاسمانی ناوچەی توێژینەوەکە.

## 2. 2. 2. قەڵاتە هەولێر (قەڵات هەنْدێر):

قەڵاتە هەولێر یان قەڵات هەڵدێر، یەکێکە لە گرنگترین شوێنەوارە مێژوویەکانی ناوچەی توێژینەوەکە، بە دووری نزیکەی 3 کم کەوتۆتە نزیک گوندی دووڕێ لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێ، بڕوانە نەخشەی (2). ڕووبەری قەڵاتەکە لە بەشی سەرەوەی نزیکەی (5200)م$^2$ یە، بەڵام بە ناوچەکانی دوروبەریەوە کە شوێنەواری لێیە و خەڵك هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامداوە ڕووبەرەکی نزیکەی 60 دۆنم زەویە. هەرچەندە ئەم شوێنەوارە وەك یەکێك لە گرنگترین شوێنەوارەکانی ناوچەکە، لە ساڵی 2013 وە لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار تۆمارکراوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی تا ئێستا هیچ کنە و پشکنینێك لەسەر ئەم شوێنە ئەنجامنەدراوە، لە هەمان کاتدا لە هیچ سەرچاوەیەکی زانستیدا باس نەکراوە. بۆیە تا ئێستا نهێنیەکانی بە تەواوەتی ئاشکرا نەکراوە. بەڵام بە گوێرەی ئەم پاشماوانەی کە لە ناوچەکە دۆزراوەتەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ شوێنەوارناسانی ناوچەکە دەکرێت هەندێك ئاماژەی سەرتایمان دەستبکەوێت.

سەبارەت بە ناوی قەڵاتەکە، بەگشتی لە نێو دانیشتوانی ناوچەکە بە قەڵاتە هەولێر ناسراوە، بەڵام بە گوێرەی بۆچوونی شارەزایانی ناوچەکە پێدەچێت ناوی ڕەسەنی قەڵاتەکە (هەڵدێر) بێت، بەهۆی ئەوەی قەڵاکە کەوتۆتە ناوچەیەکی هەڵدێر و لایەکانی لێژیان زۆرە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ناوەکەی گۆڕاوە بۆتە قەڵاتە هەولێر، هەر بەم ناوەشەوە لەلایەن فەرمانگەی شوێنەوارەوە تۆمارکراوە (شوێنەوارناس, 2025).
هەرچی سەبارەت بە مێژووی شوێنەوارەکە، بە بۆچوونی شارەزایان مێژووی دروستکردنی ئەم قەڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 4000 ساڵ لەمەوبەر، پارسەکان و ئەشکانیەکان و تەنانەت سەردەمی یۆنانیەکانیش لە پشدەر 2300 ساڵ لەمەوبەر حکومیان تێدا کردووە. بەڵام بە گوێرەی ئەو پاشماوانەی کە لە ناوچەکە دۆزراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مێژووی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پارسەکان، دیارە پارسەکان و ئەشکانیەکان، کە دیارترین پاشاکانیان ئەسکەندەری مەکدۆنی و هێلستین بووە، دوو کلتوری لە یەك نزیك بوون، کاتێك ئەسکەندەری مەکدۆنی تێدادەچێت و ئەشکانیەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، لەم قەڵایە حوکمیان کردووە (دینکە, 2025). بۆ نمونە لە گۆڕێکی ئەو قەڵایە دراوێکی جۆری (ئەوبول) دۆزراوەتەوە کە لەدەمی مردوویەکدا بووە، باوەڕی کۆنی ئەشکانیەکان وابووە، ئەگەر پارە بخەیتە دەمی مردوو ڕۆحی ئەوکەسە دەگوازرێتەوە بۆ جیهانی مردووەکان (عەلی, 2023).

ئەم قەڵایە ناوەندێکی ئابوری و سەربازی گرنگ و شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمانڕەوایانی ئەشەکانیەکان بووە، ناوەندێکی بڕیاردانی گرنگ بووە، ئەمەش بە دەلیلی ئەوەی دوو قەڵاتی دیکە لە باکوری ڕۆژئاواو و خۆرهەڵاتی قەڵاتە هەولێر بوونیان هەیە، کە پێدەچێت وەك بنکەیەکی پاسەوانی بۆ قەڵاتە هەولێر ڕۆڵیان بینیبێت. جگە لەوەش لە باکوری خۆرئاوای قەڵاکە بۆ باکوری خۆرهەڵاتی بە درێژای 5 کم ناووچەی نیشتەجێبوونی کۆن لە گوندی پێماڵکەکۆن تاوەکو گوندی بادڵیان دۆزراوەتەوە، کە بەگوێرەی ئاسەوارە دۆزراوەکان بۆ هەمان سەردەمی

قەڵاتە هەولێر دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون لە قەڵاتەکەدا، شوێنی نیشتەجێبوون لە دەوربەری قەڵاکە بوونی نییە، تەنها چەند جێگەیەك وەك بنکەی پاسەوانی دەبینرێن، بەڵام لە ناو خوددی قەڵاکەدا شوێنی نیشتەجێبوون بوونی هەیە (دینکە, 2025).

### 2. 2. 3. قەڵاتی دینکە:

قەڵای دینکە کە بە قەڵات-ی دینکاش ناسراوە، شوێنێکی شوێنەواریی سەردەمی ئاسنینی گرنگ و پربایەخە، بریتییە لە قەڵایەکی سروشتی کە دەکەوێتە سنوری قەزای پێشدەر، بە دوری نزیکەی 5 کم لە باشوری شاری قەڵادزێ لە قەراغی زێی بچووك لە دەشتێکی ستراتیجی جوگرافیدا کە بە زنجیرە چیای بەرز دەوردراوە هەڵکەوتووە، بڕوانە نەخشەی (2). ئەم شوێنەوارە بە تەنها بریتیی نییە نیە لە قەڵاتی دینکا، بەڵکو لە دەوروبەری قەڵاکە چەند کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونیش لە خۆ دەگرێت، بەشی سەرەوەی نیشتەجێبوونێکی گەورەی سەردەمی ئاسن کە بە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی دینکا ناسراوە (DSC) پێکدەهێنێت، کە هەردوو شاری قەڵات-ی دینکا بە دەوری قەڵاکەدا و گرد-ی بازاڕ لە خۆرهەڵاتی قەڵاکە لەخۆدەگرێت. ئەم کۆمەڵگە شوێنەواریە ڕێگایەکی مێژووی گرنگ بووە کە میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی ئێرانی بەیەکەوە بەستۆتەوە. ئەم شوێنەوارە بۆ یەکەمجار لە ئەتلەسی ناوچە شوێنەواریەکانی عێراق لە ساڵی (1976) ناوی هاتووە (میراودەلی, 2012). بەڵام دوای ئەوەی جوتیارێکی ناوچەکە تابلێتێکی بەردینی سوری لە ناوچەکە دەدۆزێتەوە کە وەك گرێبەستی فرۆشتنی ژنانی کۆیلە بەکارهاتووە، بیرۆکەی هەڵدانەوە و پشکنینی شوێنەوارەکە لەبەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری سلێمانی سەرهەڵدەدات. بۆیە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووشدا بە دووجار گرێبەستی پشکنین و هەڵدانەوەی شوێنەوارەکە لەگەڵ چەند زانکۆ و تیمێکی شوێنەواری ئەڵمانی ئەنجامدراوە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2015 بەهەماهەنگی تیمێکی زانکۆی مونستەری ئەڵمانی و زانکۆی مینۆسیتا بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر یەنوشا و بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی کنە وپشکنین بۆ ئەم شوێنەوارە کراوە (غریب, 2024). پاشان ئەنجامی کنە و پشکنینەکان و کارەکانی تیمە نێودەوڵەتی و ناوخۆیەکان لەلایەن کارێن ڕادنەر (زانکۆی میونشن)ەوە کۆکراونەتەوە، وەك توێژینەوەیەکی زانستی پڵاو کرایەوە (Radner et al., 2019). لە خوارەوە پوختەی کارەکەیان دەخەینەڕوو:

ڕووبەری کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی دینکا نزیکەی 240 دۆنم زەوی دەگرێتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش داگیرکردنی قەزای پشدەر لەسەردەمی ئاشووری نوێدا (نزیکەی ٩٠٠-٦٠٠ پێش زایین) داگیرکراوە. هەڵکۆڵینەکانی پرۆژەی دەشتی پشدەر (PPP) لە ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠١٨ دەرکەوتووە کە قەڵاتی دینکە قەڵایەکی دابڕاو نەبووە بەڵکو بەشێک بووە لە نیشتەجێبوونێکی گەورەتر و یەکگرتوو، کە لە قەڵایەکی سەرەوە (قەڵاتی دینکە) و شارۆچکەیەکی خوارەوە (گرد-ی بازاڕ و شارۆچکەی خوارەوەی دینکا DLT) پێکهاتووە. پێدەچێت ئەو شوێنە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووبێت لە کۆنترۆڵکردنی جوڵەی دوژمن بەدرێژایی ڕووباری زێی بچووك و بەسەر دەروازەکانی شاخەکانی زاگرۆسدا، کە خزمەتی بە هەردوو ئەرکی ستراتیژی و کارگێڕی کردووە.

بەشی بەرزاییەکانی شوێنەکە بە ناوی قەڵات-ی دینکە، شوێنەواری تەلارسازی سەرنجڕاکێشی تێدا دۆزراوەتەوە. لە هەڵکۆڵینەکاندا بینایەکی مۆنۆمێنتی دەرکەوتوە کە دیوارە بەردییە پانەکان و پایە و زەوییەکی لە خشتی سورکراوە و تەختە بەردی یەک لە دوای یەک دروستکرابوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم قەڵایە شوێنی نیشتەجێبوونی پێگەیەکی بەرزبوە، لەپاشاکانی ئاشووری یان نوخبە بەرزەکانی ناوخۆیی. لەنێو ئەو دۆزراوانەدا ڕازاندنەوەی عاج و سەری تیری ئاسن و کۆپەڵە شینەکانی میسری هەبوون، کە ئاماژەن بۆ هەردوو سامان و پەیوەندییە ناوچەییەکان.

مێژووی ڕادیۆکاربۆن و بەڵگەی دەق- لەوانەش تەختێکی قوڕی مێخی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٧٢٥ پێش زایین- ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو شوێنە پێش و لە کاتی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەدا لەلایەن ئاشوورییەکانەوە داگیرکراوە. پێدەچێت ناوچەکە لە پارێزگای کۆشکی هێرالدا جێگیرکرابێت، کە یەکێکە لە ناوچە سنوورییە بەرگرییە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆریەتەکە کە لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەمدا دامەزراوە. سەرەڕای کاریگەری ئاشوورییەکان، بەڵگەکان بەردەوامی نەریتە ناوخۆییەکان نیشان دەدەن، وەک بەرهەمهێنانی گڵێنە بە بەکارهێنانی گڵ و کەرەستەی ناوچەکە. شوێنی ستراتیژی و قەبارە و کولتوری ماددی شوێنەکە گرنگییەکەی وەک ناوەندێکی سەربازی و ئابووری لە دیمەنی سەردەمی ئاسنینی دامێنی چیای زاگرۆسدا نیشان دەدات. قەڵاتی دینکە ئەمڕۆ وەک بەڵگەیەک لەسەر ئاڵۆزی و دەوڵەمەندی ژیانی سەردەمی ئاسن لەسەر میحوەری ئاشوور وەستاوە. لێکۆڵینەوە بەردەوامەکان پێوستن بۆ ئەوەی ڕۆڵی زیاتر ئاشکرا بکەن لە تۆڕی فراوانتری داینامیکی ئیمپراتۆری و ناوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک کۆن.

## 3. میتۆدۆلۆجیای توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی فرە پسپۆڕی و جوگرافی دەگرێتەبەر بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسیە مرۆیی و ژینگەییەکان کە مەترسی لەسەر شوێنەوارە مێژووییەکانی قەزای پشدەر دروست دەکەن. میتۆدۆلۆژیاکە هەردوو تەکنیکەکانی چۆنایەتی و چەندایەتییەکان یەکدەخات، کە لە بوارەکانی پاراستنی شوێنەوەراکان، جوگرافیای ژینگە، و پلاندانانی گەشتیاری بەردەوام سوود وەردەگرێت. دیزاینی گشتی توێژینەوەکە چوار پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت: شیکاری شوێنی، ڕاپرسی مەیدانی، چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، و مۆدێلکردنی هەڵسەنگاندنی مەترسیەکان بڕوانە شێوەی (1). بە گوێرەی ئەم هەنگاوانانەی خوارەوە:

1. دیاریکردنی سنور و هەڵبژاردنی ناوچەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر سێ لە گرنگترین شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییە گەورەکانی ناو قەزای پشدەر، لەوانە شوێنەوارە دیارەکانی وەک قەڵای قەڵادزێ و قەڵاتی دینکە، قەڵاتە هەولێر. شوێنەکان لەسەر بنەمای گرنگی مێژوویی، بەرکەوتن بە هۆکارەکانی مەترسی، و دەستڕاگەیشتن بۆ کاری مەیدانی هەڵبژێردران. وێنەی مانگی دەستکرد و نەخشەی تۆپۆگرافی بەکارهێنران بۆ نەخشەکێشانی ناوچەی توێژینەوەکە و دیاریکردنی شوێنە سەرەکییە میراتە کولتوورییەکانی ناوچەکە.

2. کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە:

بە گوێرەی ئەوەی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی پێشتر دەربارەی ئەم بابەتە و ناوچە شوێنەوارییەکانی توێژینەوەکە بوونی نییە، لەبەر ئەوە ناچار بووین ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر بگرینەبەر بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان. داتاکانی توێژینەوەکەش پێك دێت لە داتا سەرەکی و داتا لاوەکیەکان، کە بە ڕێگەی جۆراوجۆر کۆکراونەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ڕووپێوی مەیدانی: ڕووپێوێکی گشتگیر و هەمەلایەن لە ڕێگەی پێوانەسازی و وێنەگرتنی فۆتۆگرافی زیانە جۆراوجۆرەکان لە هەرسێ شوێنەوارە مێژوویەکە ئەنجامدرا و بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای شوێنەوارە مێژووییەکان. کە تیایدا لیستی پشکنینی ستانداردی کاری مەیدانی بەکارهێنرا بۆ تۆمارکردنی بڕ و جۆری تێکچوونی پێکهاتەیی شوێنەوارەکان، هەروەها هەلسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییە دیارەکان (مەترسییە جیمۆرفۆلۆجیەکانی: ڕاماڵین، داتەپینی زەوی، گەشەکردنی زۆری رووەک، زیانگەیاندن بە هۆی ئاوەوە)، و فشارەکانی مرۆڤ (فراوانبوونی شارنشینی و ژێرخانی شار، تێکدان و تالآنکردنی شوێنەوارەکان، فرابوونی چالاکییە کشتوکاڵییەکان لە نزیك ناوچە شوێنەوارییەکان، هەروەها چالاکی گەشتیاری ڕێکنەخراو).

چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان: لە لایەکی ترەوە توێژەران هەستان بە چاوپێکەوتن لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە، بەرپرسانی شارەوانی و بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار، پسپۆڕانی شوێنەوار و ڕێبەرانی گەشتیاری. بۆ کۆکردنەوەی تێڕوانینەکان سەبارەت بە مەترسییە هەستپێکراوەکان، هەنگاوە پراکتیکیەکانی پاراستنی ناوخۆیی شوێنەوارەکان و دانامیکی گەشتیاری لە ناوچەکەدا.

سەرەڕای ئەمانەش بەڵگەنامە ئەرشیفییەکان، تۆمارە مێژووییەکان و ڕاپۆرتە شوێنەوارییەکان پێداچوونەوەیان بۆ کرا بۆ ئەوەی گرنگی هەر شوێنێک و هەوڵەکانی ڕابردووی نۆژەنکردنەوە لە چوارچێوەیەکدا دابنێن.

3. شیکاری شوێنی مەترسییە ژینگە و مرۆیەکانی شوێنەوارە مێژوویەکان.

دوا بە دوای ڕوپێوە مەیدانییەکان و پێوانەکردنی و دیاریکردنی بروجۆری مەترسییەکان، لەلایەکی ترەوە سیستەمی زانیاری جوگرافی (GIS) بەکارهێنرا بۆ بۆ دروستکردنی نەخشەی دابەشبوونی شوێنەوارە مێژووییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ هۆکارەکانی مەترسی وەک: نزیکی لە گەشەی شارەکان و گەشەپێدانی ژێرخانی، گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی زەویدا، سەقامگیری لێوارەکان و ئەو شوێنانەی کە تووشی ڕاماڵین زەوی دەبن، و دیاریکردنی ناوچەی بەرکەوتنی کەشوهەوا (بە تایبەت لافاو، پلەی گەرمی زۆر). لە لایەکی ترەوە نواندنی ئەم مەترسیانە لەسەر نەخشە جوگرافییەکان.

4. هەڵسەنگاندنی گەشتوگوزاری بەردەوام

لە لایەکی ترەوە تەکنیکی شیکاری SWOT (خاڵە بەهێزەکان، لاوازییەکان، دەرفەتەکان، هەڕەشەکان) بەکارهێنرا بۆ هەڵسەنگاندنی توانای گەشەپێدانی گەشتیاری بەردەوام لە قەزاکەدا. پێوەرەکان بریتی بوون لە توانای دەستڕاگەیشتن بە ناوچە گەشتیاریەکان، ژێرخانی گەشتیاری، بەشداریکردنی کۆمەڵگا، و سیاسەتەکانی بەڕێوەبردنی شوێنەوارە مێژووییەکان و میراتە کەلتوریەکان. شیکارییەکە یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ستراتیژییە جێبەجێکراوەکان کە ئامانجەکانی پاراستن لەگەڵ گەشەپێدانی گەشتیاری ناوخۆییدا هاوتەریب دەکەن.

5. هەڵسەنگاندن ئەنجامەکان و پەرەپێدانی ڕاسپاردەکان

ئەنجامی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ڕاوێژکاری لەگەڵ پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان تاووتوێکراو و پشتڕاستکرایەوە. بە پشتبەستن بە دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە، کۆمەڵێک پێشنیاری کرداریی بۆ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و ڕێکخراوە شوێنەواری میراتییەکان پەرەی پێدرا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی مەترسییەکان، پلاندانانی پاراستن و بەرەوپێشبردنی گەشتیاری بەردەوام لە قەزاکەدا.

## 4. شیکاری شوێنی مەترسییە ژینگەی و مرۆیەکان و کاریگەرییان لەسەر شوێنەوارە مێژوویەکان لە ناوچەی توێژینەوە

کارلێکی ئاڵۆزی پرۆسە ژینگەیەکان و چالاکیەکانی مرۆڤ بەیەکەوە ڕۆژ بە ڕۆژ مەترسیەکانی سەر شوێنەوارە و مێژوویەکان زیاتر دەکەن و پرۆسەی پاراستنیان ئاڵۆزتر دەکەن. لە ناوچەی توێژینەوەکە دیمەنە سروشتییەکان و میراتی کولتووری لە نزیکەوە بەیەکەوە گرێدراون، هەردوو جۆری مەترسییەکان تەحەدای بەرچاو بۆ سەقامگیری و بینین و بەردەوامیی درێژخایەنی شوێنەوارەکان دروست دەکەن. لەم بەشەدا بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەوڵدەکەین جۆری مەترسیەکان ئاستی کاریگەریان لەسەر ناوچە شوێنەواریەکانی توێژینەوەکە شیبکەینەوە:

## 4. 1. مەترسییە ژینگەیەکان

هۆکارە ژینگەییەکان هەڕەشەی بەردەوام و جددین لەسەر یەکپارچەیی شوێنەوارە مێژووییەکان. سەرەکیترینیان بارودۆخی کەشوهەوا، پرۆسەی جیۆمۆرفۆلۆجی و کارەساتی سروشتییە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی تێکچوونی وردە وردە یان لەناوچوونی لەناکاوی سەروەت و سامانی میراتە کلتورییەکان. لێرەدا مەترسیە ژینگەیە چالاکەکانی سەر شوێنەوارەکانی ناوچەی توێژینەوە باس دەکەین:

**4. 1. 1. کاریگەرییەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا:** بریتین پلەی گەرمی، شێ و بارانبارین، کە هەموو ئەمانە بەشدارن لە خراپبوونی ماددەکانی ناوچە شوێنەوارییەکان. بۆ نموونە، خولەکانی بەستن-توانەوە دەتوانن ببنە هۆی شکاندنی بچووک لە پێکهاتەی بەردەکاندا، لە کاتێکدا شێی بەرز و بارانبارین دەبێتە هۆی گەشەکردنی بایۆلۆژی و ڕامالینی زەوی (Booth, 2024). بەهۆی ئەوەی ناوچەی توێژینەوەکە سەر بەسیستمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستەو زستانی سارد و شێدار و هاوینی گەرم و وشك ئەزموون دەکات، ئەمە وایکردووە زۆربەی تێکڕاکانی ڕەگەزەکانی کەش بە گوێرەی ڕۆژانە و وەرزانە و ساڵانە لە ناوچە جیاوازەکانی توێژینەوەکە بگۆڕێت، بۆ نمونە مەودای گەرمی لە نێوان ساردترین مانگ و گەرمترین مانگی ساڵ دەگاتە نزیکەی 30 پلەی سیلیزی (ناصر, 2016).، ئەم تایبەتمەندیە ئاووهەوایەی ناوچەکە کاریگەری گەورەی لەسەر شوێنەوارەکان جێهێشتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرجەم پرۆسە ژینگەیەکانی پەیوەست بە کەش و هەوا لە ناوچە شوێنەوارییەکانی توێژینەوەکە بە بڕ و شێوەی جیاواز لە ناوچە شوێنەوارییەکانی توێژینەوەکە دەبینرێت. بڕوانە (وێنەی 1).

**4. 1. 2. گۆڕانکارییە ئاوییەکان:** لەوانەش لافاوی وەرزی یان گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووبار و چەمەکان لە ناوچە شوێنەوارییەکان، دەتوانن بناغەکان ناسەقامگیر بکەن یان چینە شوێنەوارییەکان بشۆنەوە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لە نزیک ڕووبارەکان یان لە دەشتە لافاوکردە نزمەکاندا هەڵکەوتوون. لە هەرسێ ناوچە شوێنەوارییەکەی ناوچەی توێژینەوە هەست بەمەترسی ئاو و لافاو دەکرێت. زێی بچووك لە بەشی باشوری قەڵاتی دینکە بە تەواوەتی بنکی شوێنەوارەکەی بنکۆڵکردووە و مەترسیەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت بڕوانە (وێنەی 1)، ئەوە لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە جیۆفیزیکییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ژینگەیی کۆن لە تیمی ئەڵمانی پشکنین شوێنەواری دینکە و گردی باژار، چەمێکی کۆنیان ئاشکرا کردوە، کە پێدەچێت سەردەمێك بەناو شارۆچکەکەدا تێدەپەڕییێت، پێدەچێت کاریگەری لەسەر شێوازی نیشتەجێبوونەکەی هەبووبێت و بەشداربوبێت لە ڕامالینی خاکی ناوچەکەدا (Radner et al., 2019). هەرچی سەبارەت بە قەڵاتی قەڵادزێش بە هەمان شێوە کەتۆتە نێوان دوو چەمەوە و کاریگەری لەسەر شوێنەوارەکە جێهێشتووە، ڕامالینی ئاوی لە هەموو لاکانی قەڵاتە هەستی پێدەکرێت. هەرچی سەبارەت بە شوێنەوارە قەڵاتە هەولێر، بەهەمان شێوە بە هۆی لێژی لایەکانی شوێنەکە ڕووبەڕووی شۆردنەوەی ڕامالینی خاك بووە بە هۆی ئاووەوە.

**4. 1. 3. گەشەکردنی ڕووەکی سروشتی لەسەر جەستەی ناوچە شوێنەوارییەکان:** ئەم گرفتە ژینگەیە دەتوانێت هەم نیشانەیەک بێت و هەم هۆکارێک بێت بۆ تێکچوونی ناوچە شوێنەوارییەکان. ڕەگەکان دزە دەکەنە ناو بیناسازی و ژێر پێکهاتەکان، لە کاتێکدا گەشەی ڕووەک بەبێ کۆنترۆڵ بینینی شوێنەکە تەمومژاوی دەکات، ئەمەش هەوڵەکانی پاراستن و بەشداریکردنی گشتی ئاڵۆز دەکات و بەهای گەشتوگوزارییان کەمتر دەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە گەشەکردنی گژووگیای زۆر هۆکارە بۆ ئەوەی کە خاوەن ئاژەڵەکانی ناوچەکە ئاژەڵەکانیان لە ناوچە شوێنەوارییەکان بلەوەڕێنن، بەمەش جارێکی تر بە شێوەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ زیان بە شوێنەوارەکان دەگاتەوە. لە هەرسێ ناوچە شوێنەوارییەکەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی بێ کۆنترۆڵ ڕووەکی سروشتی لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان گەشەی کردووە، کە زۆر مەترسی کورت مەداو درێژ مەودا لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان بە جێدەهێڵێت.

لە زۆر حاڵەتدا، ئەم مەترسییە ژینگەییانەی کە باسکران بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا خراپتر دەبن، کە ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا چڕتر دەکاتەوە و هێڵە بنەڕەتییە ژینگەییەکانی درێژخایەن دەگۆڕێت، ئەمەش پێویستی بە ستراتیژی بەڕێوەبردنی گونجاو هەیە (Scott et al., 2016).

**وێنەی (1) شوێنەوار و کاریگەری ئاو و کەش و هەوا لەسەر جەستەی شوێنەوارەکان**



## 4. 2. مەترسییە مرۆییەکان

چالاکییەکانی مرۆڤ زۆرجار مەترسی خێراتر و دەستوبردتر بۆ سەر شوێنەوارە مێژووییەکان دروست دەکەن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە فشارەکانی گەشەپێدان، حوکمڕانی لاواز، یان ئاستەنگە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان چاودێریکردنی شوێنەوارەکان سنووردار دەکەن. لە سنوری ناوچەی توێژینەوەکە، چالاکیە مرۆییەکان بە چەندین شێوە و لە کاتی جیاواز زیانی بە ناوچە شوینەواریەکانی توێژینەوەکە گەیاندووە، پشت بەست بە دیراسەی مەیدانی هەوڵدەدەین شیکردنەوە بۆ مەترسیە مرۆیەکان لە شوێنەوارەکانی ناوچەکە بکەین:

**4. 2. 1. گەشەسەندنی ئاودانی و پەرەپێدانی ژێرخانی شارەکان لە سنوری ناوچە شوێنەواریەکان:** ئەم هۆکارە دەتوانێت ڕاستەوخۆ زیان بە شوێنەوارەکان بگەیەنێت لە ڕێگەی هەڵکۆڵینی زەوی و بیناسازی و لەرزین لە ئامێرە قورسەکانەوە لە سنوری ناوچە شوێنەواریەکان. لەلایەکی ترەوە بینای نافەرمی یان ڕێکنەخراو لە نزیک یان لەسنوری شوێنەوارەکان پرسێکی بەربڵاوە لە سنوری ناوچەی توێژینەوەکە. قەڵاتی قەڵادزی زیانمەدترین شوێنەواری توێژینەوەکەیە کە بەم هۆکارە زیانی پێگەیشتووە. دروستکردنی پرد و فراوانکردنی ڕێگاکانی شاری قەڵادزێ لە لایەن شارەوانی لە لایەك، و دروستکردنی خانوو وشوێنی نیشتەجێبوون لە لایەن هاوڵاتیان لە لایەکی ترەوە بە تەواوەتی ئەم شوێنەوارەیان گەمارۆداوە و زیانی زۆری پێگەیاندووە، تەنانەت بە ڕای چاودێران ڕووبەری شوێنەوارەکە بە نزیکەی لە 50% کەمبۆتەوە (دینکە, 2025). بە هەمان شێوە لە سنوری شوێنەواری قەڵاتی دینکەش ئەم مەترسیە دەبینرێت، بە جۆرێك چەند ڕێگایەکی خۆڵ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە دەوربەری قەڵاتەکە و ناوچە شوێنەواریەکانی دیکەی دەوروبەری لەلایەن هاوڵاتیانەوە لێدراوە، هەروەها لەبەشی باکوری خۆرهەڵاتی قەڵاتەکە چەند پرۆژەیەکی کشتوکاڵی (گاوداری و کێڵگەی پەلەوەر) دروستکراوە. هەرچی سەبارەت بە ناوچەی شوێنەواری قەڵاتە هەولێر، خۆشبەختانە تا ئێستا ئەم مەترسیە نابینرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم شوێنەوارە کەوتۆتە ناوچەیەکی چۆڵەوانی و دور لە ناوچەی نیشتەجێبوونی دانیشتوان، بڕوانە وێنەی (2).

**وێنەی (2) ئاسەواری فراوانبوونی شاروئاوەدانی سەر ناوچە شوێنەواریەکان**




5. **2. 2. چالاکیە کشتوکاڵییەکان:** لەوانەش بەکارهێنانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان و سیستەمی ئاودێری، دەتوانن پاشماوەی ژێرزەوی تێکبدەن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی پێشتر هەڵنەکەندراون یان بەڵگەنامەیان لەسەر نەبووە. کێڵانی قووڵ دەتوانێت چینەکانی خاکی ناوچە شوێنەواریەکان تێکبدات و لەناویان ببات و کەرەستە کولتوورییەکان لە شوێنی خۆی بگوازێتەوە. قەڵاتی قەڵادزێ بە هۆی ئەوەی کەوتۆتە ناوشار و شوێنەکەی بۆ چالاکی کشتوکاڵی دەستنادات، لەم مەترسیە بەدوورە. بەڵام شوێنەواری قەڵاتی دینکە و شوێنەوارەکانی دەوروبەری بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە دەشتێکی بەپیت، لە تەواوی ڕووبەری شوێنەوارەکە چالاکیە کشتوکاڵیەکان وەك بەرهەمهێنانی بەرووبومە زستانی و هاوینیەکان ئەنجامدەرێت و تەنانەت بەشێکی قەڵاتی دینکە کراوەتە باغ و سیاج کراوە، ئەم چالاکیانە مەترسی گەورەیان لەسەر ئەم شوێنەوارە دروستکردووە، مەترسیەکانی چالاکی کشتوکاڵیش لە ڕاپۆرتی تیمە پشکنەرەکان دۆکیومێنت کراوە (**Radner et al., 2019**) . بەڵام بەشی سەرەوە و لایەکانی شوێنەواری قەڵاتە هەولێر چالاکی کشتوکاڵی تێدا ناکرێت بە هۆی ئەوەی زەویەکانی دەوروبەری هەڵدێرن و دەستنادەن بۆ چالاکی کشتوکاڵی، بەڵام بەشێك لە زەویەکانی دوروبەری کە گوماندەکرێت پەیوەندیداربن بە شوێنەوارەکەوە، کراونەتە زەوی کشتوکاڵی ساڵانە بە گەنم و جۆ دادەچێنرێن، بڕوانە وێنەی (3).

**وێنەی (3) چالاکی کشتوکاڵی لە سنوری ناوچە شوێنەواریەکان**




**4. 2. 3. هەڵکۆڵینی نا یاسایی و دزینی شوێنەوارەکان:** هەڵکۆڵین و تاڵانکردن و تێکدانی شوێنەوارەکان لەلایەن کەسانی نەناسراو، کە بەهۆی بازاڕی شوێنەوارە نایاساییەکان یان تێنەگەیشتنە هەڵە ناوخۆییەکان لە بەهای میراتەکانەوە دەجووڵێنرێن، بەمەترسیدارتین و بەربڵاوترینی هۆکاری لە ناوبردنی ناوچە شوێنەواریەکانی قەزای پشدەر دادەنرێت، کە لە زۆر حاڵەتدا تاڵانکەران تەنها بە دزینی پارچە شوێنەواریەکان ناوەستن بەڵکو تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی ناوچە شوێنەواریەکانیش تێکدەدەن زیانێکی زۆریان پێدەگەینن، ئەمەش کاری کنە و پشکنین قورس دەکات و وا دەکات کە پسپۆران بە ئاسانی نەتوانن لێکدانەوە بۆ شوێنەوارەکان بکەن. ئەم دیاردەیە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و ئاوەدانکردنەوەی قەزای پشدەر و سەرهەڵدانی قەیرانی دارای، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ناوچەکە سەریهەڵداوە و تا ئێستاش بەردەوامە و زۆربەی شوێنەوارەکانی قەزاکە تاڵانکراون. سەبارەت بەم سێ شوێنەوارەی کەیسی توێژینەوەکە، دەتوانین بڵێین قەڵاتی قەڵادزێ کەمترین زیانی بەرکەوتووە، بەهۆی ئەوەی ئەم شوێنەوارە لە ناوشار و ئاوەدانیدایە پرۆسەی پاراستنی ئاسانترە. بەڵام هەردوو شوێنەوارەکەی تر لە سەدان جێگەوە ڕووبەڕووی هەڵکوڵینی نایاسای بوونەتەوە. بۆ نمونە، بە گوێرەی ئەو ڕووپێوە مەیدانیەی لەسەر قەڵاتی دینکە ئەنجامماندا، زیاتر لە 50 جێگە چاڵی هەڵکەندراومان دۆزیەوە، کە چاڵاکان قوڵیان لە نیوان 50 سم بۆ 3 مەتر دایە، ئەوە لە کاتێکدا سەرجەم گۆڕەکانی دەوروبەری قەڵاتە هەڵدراونەتەوە و دەرهێنراون. هەرچی سەبارەت بە قەڵاتە هەولێر، دەتوانین بڵێین زیانمەندترین شوێنەواری مێژووی هەموو قەزای پشدەرە، لە ساڵی نەوەدەکانەوە تا ئێستا پرۆسەی هەڵکۆڵینی نایاسایی تێیدا بەردەوامە، ژمارە ئەو چاڵە هەڵکەندراوەکان لە ژماردن نایەت، لە هەندێك جێگە چاڵی 15 مەتر قوڵ لێدراوە. وە لەناو دانیشتوانی ناوچەکەش باس لە دۆزینەوە و بەتاڵانبردنی دەیان پارچەی شوێنەواری لە قەڵاتە هەولێر دەکرێت، بڕوانە وێنەی (4).

**وێنەی (4) شوێنەواری هەڵکۆڵینی نایاسایی و دزینی شوێنەوارەکانی ناوچەی توێژینەوە**



**4. 2. 4. کاریگەرییەکانی پەیوەست بە چالاکی گەشتیاری:** لە کاتێکدا زۆرجار گەشتیاری بەردەوام وەک سوودبەخش سەیر دەکرێن، دەتوانرێت بکرێت بە هۆکارێك بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەواریەکان. بەڵام بوونی چالاکی گەشتیاری نارێکخراو و هەڕەمەکی لە ناوچە شوێنەواریەکانی توێژینەوەکە لەوانەیە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر شوێنەوارەکان. بۆ نمونە لەهەر سێ شوێنەواری کەیسی توێژینەوەکە دیاردەی کردنەوەی ئاگر و پاشماوەی گەشتیاران دەبینرێت، هەروەها جێ پێ و هاتووچۆی ئوتۆمبیلی گەشتیاران لە ناوچە شوێنەواریەکان هەستپێدەکرێت کە لەوانەیە فشار بخەنە ناو شوێنە ناسکەکانەوە سروشتی شوێنەوارەکان بشێوێنێت، بڕوانە وێنەی (5).

**وێنەی (5) شوێنەواری گەشتیاری نارێکخراو لەسەر چەستەی ناوچە شوێنەواریەکان**




ئەمەی لەسەرەوە بە جیا باسکران گرنگتین هۆکارە ژینگەی و مرۆیەکان بوون، کە بوونەتە مەترسی جددی لەسەر شوێنەوارەکان، بەڵام زۆرجار مەترسییە ژینگەیی و مرۆییەکان بە شێوەیەکی هاوبەش کارلێک دەکەن، بەمەش مەترسیەکانی سەر شوێنەوارەکان زیاتر دەکات. بۆ نموونە، پەرەپێدانی ژێرخان و فراوانبوونی شارنشینی و ئاوەدانی دەتوانێت شێوازی ئاوەڕۆی سروشتی بگۆڕێت، ئەمەش مەترسییەکانی ڕاماڵینی زەوی زیاد دەکات.

سەرەڕای ئەو مەترسیانەی باسمانکرد، پشتگوێخستنی شوێنەوارەکان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان، و نەبوون یان کەمی بوودجەی پێویست بۆ پاراستن و چاککردنەوەی شوێنەوارەکان، کەمی توانای تەکنیکی، یان لاوازی سەرپەرشتیکردنی ناوچە شوێنەواریەکان، هێندەی دیکە مەترسیەکانی سەر ناوچە شوێنەواریەکانی زیاتر کردووە، بە های گەشتوگوزاریان کەمتر بۆتەوە. بە کورتی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لە هەردوو هەڕەشەی ژینگەیی و مرۆیی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی میراتی کولتووری و شوێنەواری قەزای پشدەر و دڵنیابوون لە ڕۆڵی لە گەشتیاریی بەردەوام و شوناسی ناوچەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو بە بەردەوامی دەمێنێتەوە.

## 6. شیکرنەوەی گەشتوگوزاری بەردەوام لە قەزای پشدەر:

یەکخستنی پاراستنی شوێنەوارە مێژوویەکان و میراتە کەلتوریەکان لەگەڵ پلاندانانی گەشتیاری بەردەوام پێویستی بە تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە هەیە لە جوڵەی داینامیکی گەشتوگوزاری ناوخۆیی و ناوچەیی کە پشتگیری یان ڕێگری لە گەشەپێدانی بەردەوامی گەشتوگوزار دەکەن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، شیکارییەکی SWOT- ئامرازێکی پلاندانانی ستراتیژی دامەزراو- بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە کاریگەریان لەسەر توانای گەشتوگوزاری بەردەوام لە قەزای پشدەر هەیە. چوارچێوەکە چوار ڕەهەندی سەرەکی هەڵدەسەنگێنێت: خاڵە بەهێز و لاوازەکانی گەشتوگوزاری بەردوام، دەرفەتەکان و هەڕەشەکانی سەر چالاکی گەشتوگوزار. ئەم شیکارییە لە سەرەتادا بۆ پلاندانانی بازرگانی و سیاسەت پەرەی پێدراوە (Hill & Westbrook, 1997)، پاشان بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ بەڕێوەبردنی شوێنەوارە مێژووی میراتە کەلتوری و توێژینەوەکانی گەشتیاری بەکارهێنراوە (Ahn et al., 2002; Helms & Nixon, 2010). ئەم ڕێبازە شیکارییە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ناوخۆیی بنەما جۆراوجۆرەکانی گەشتوگوزار کە کاریگەری لەسەر جوڵەی گەشتیاری هەیە، لە هەمان کاتدا ئاسانکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ بەستنەوەی پاراستنی شوێنەوارە مێژوویەکان بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگا. لەبەر ئەوە لەم بەشەی توێژینەوەکە خاڵە بەهێزە سەرەکییەکان، خاڵە لاوازەکان، دەرفەتەکان، و هەڕەشەکان کە کاریگەریان لەسەر گەشەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام لە قەزای پشدەر هەیە شیدەکەینەوە. ئەمەش پشت بەستن بە سەرنج و بۆچوونی پسپۆریە

جۆراوجۆرەکان، توێژینەوەکانی پێشتر، هەروەها دیراسەی مەیدانی توێژەران لە ناوچە جیاوازەکانی توێژینەوەکە، دەخرێتە ڕوو بەم شێوەی خوارەوە:

## 5. 1. خاڵە بەهێزەکانی گەشتوزاری بەردەوام لە ناوچەی توێژینەوەکە

1- قەزاکە سەدان شوێنی میراتی و کەلتوری و شوێنەواری مێژووی گرنگی ئاشکرا کراو نا ئاشکرا لە خۆی دەگرێت، کە ئەم شوێنانە وەك وەك یەکێك لە بنەما مرۆیە سەرەکیەکانی گەشتوگوزار خاڵێکی بەهێز بە ناوچەکە دەبەخشن. چونکە شوێنە میراتی و مێژوویەکان وەک سەرمایەی سەرەکی بۆ گەشتیاری کولتووری ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت لەسەر گەشتوگوزاری بەردەوام لە هەر ناوچەیەکدا (Timothy & Boyd, 2003). سەرەڕای ئەمە، ناوچەی توێژینەوەکە لە ڕووی بنەما سروشتیەکانی گەشتوگوزار، ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە، بەو پێیەی ناوچەکە سروشتێکی ناوازی جۆراوجۆری وەك چیای بەرزوپێچاوپێچ، دۆڵ، دەشتی فراوان، ئاووهەوای چوار وەرزی جۆراوجۆری گونجاو بۆ چالاکیە جۆراوجۆرەکانی گەشتیاری، سەرچاوەی ئاوی گونجاو جۆراوجۆ، هەروەها دارستان و ئاژەڵی کێوی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێت، کە ئەمەش خاڵێکی بەهێزی بە گەشتوگوزاری بەردەوام لە ناوچەکە بەخشیوە، دەکرێت سوودی لێببینرێت بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ئیکۆ-کلتوری لە ناوچەکەدا، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بنەما سروشتی و مرۆیەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوەکە بڕوانە (ناصر, 2016; یوسف, 2017). بەو پێیەی بوونی دیمەنە سروشتییە ناوازەکان و جۆراوجۆریەتی زیندوو و ژینگەی سروشتی سەرنجڕاکێش، لەگەڵ شوێنە میرات و کەلتوری و مێژوویەکان چالاکە گەشتیاری بەرز دەکاتەوە، دەرفەت بۆ ئەزموونکردن و پەرەپێدانی گەشتیاری ئیکۆ-کلتوری یەکگرتوو پێشکەش دەکات (Hughes et al., 2015).

2- لە لایەکی ترەوە شوێنی جیۆستراتیژی سنوری توێژینەوەکە بەهۆی نزیکیی لە سنووورە نێودەوڵەتییەکان (سنوری ئێران) و نزیکی لەسەنتەرەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوان خاڵێکی بەهێزی بە گەشتوگوزاری بەردەوامی کەلتوری ناوچەکە بەخشیوە، بەو پێیەی دەتوانێت ئاسانکاری بۆ هاتن و ڕۆیشتنی سەردانکەرانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ سەردانکردنی ناوچە میراتی و میراتی گەشتوگوزاریەکانی سنورەکە بکات.

3- لە هەمانکاتدا بوونی هەستێکی بەهێزی بەرپرسیارەتی و حەزی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ پراکتیککردنی گەشتیاری کەلتوری خاڵێکی بەهێزی بە گەشتوگوزاری بەردەوامی کەلتوری و میراتی بە ناوچەکە بەخشیوە. چونکە بوونی هەستێکی بەهێزی میرات و ناسنامە لەناو کۆمەڵگاکاندا پاڵنەرێکی ناوەکی بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان بەرهەمدەهێنێت و پەرە پێدەدات (Smith, 2006).

## 5. 2. خاڵە لاوازەکانی گەشتوگوزاری بەردەوام لە ناوچەی توێژینەوەکە

1- خراپی یان نەبوونی ژێرخانی گەشتیاری وەك ڕێگاوبانی گونجاو، شوێنی مانەوە (هۆتێل و مۆتێل)، چێشتخانە، ئاسانکاریە گەشتوگوزاریەکان، ڕیکلامی گەشتیاری، هەروەها ڕێبەری گەشتیاری ...هتد، خاڵێکی لاوازی چالاکی گەشتوگوزاری بەردەوامە لە ناوچەی توێژینەوەکە (یوسف, 2017). چونکە نەبوون یان خراپی ژێرخانی گەشتیاری، ئاماژە و ئامرازەکانی سەردانکەران- دەستڕاگەیشتن و ئاسوودەیی گەشتیاران سنووردار دەکات (Inskeep, 1991).

2- جێبەجێنەکردنی یاسا بەرکارەکان وەك خۆی و بۆشایی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان و نەبوونی پلانی فەرمی بۆ بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی شوێنە مێژووی و کلتوریەکان وەك خاڵێکی لاوازی گەشتوزاری بەردەوام بە تەواوەتی لە ناوچەی توێژینەکە هەستی پێدەکرێت.

3- سنورداری یان لاوازی هۆشیاری و لێهاتوویی لە کادیرانی گەشتیاران و تەنانەت بەشێك لە دانیشتوان ناوچەکە و گەشتیارانیش هەست پێدەکرێت، ئەمەش بە خاڵێکی لاوازی گەشتوگوزاری کەلتوری ناوچەکە دادەنرێت. چونکە ئاستی نزم لە شارەزایی ناوخۆیی لە پلاندانانی گەشتیاری بەردەوام و لێکدانەوەی شوێنەکان، توانای ئەزموونی کوالیتی بەرز کەمدەکاتەوە (McKercher & Du Cros, 2002).

4- زۆرێك لە شوێنەوارە مێژوویەکانی قەزای پشدەر تا ئێستا ئاشکرا نەکراون یان کنەوپشکنینیان بۆ نەکراوە، هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیان لەسەر نییە، نهێنیەکانیان نازانرێت، ئەمەش توانای ئەو شوێنانەی بۆ پەرەپێدانی گەشتوزاری بەردەوامی کەلتوری بە سنورداری هێشتۆتەوە.

## 5. 3. دەرفەتەکان بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام لە ناوچەی توێژینەوەکە.

1- گەشتوگوزاری کلتوری شوێنەواری وەك یەکێك لە جۆرەکانی گەشتوگوزار ڕۆژ بەڕۆژ لەپەرەسەندن دایە و خواست لەسەری زیاد دەبێت (Richards, 2018). زیادبوونی ئارەزووی ناوخۆی و جیهانیش بۆ گەشتیاری کلتوری و مێژووی دەرفەتێکی گرنگ دەرخسێنێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری ناوخۆی و بیانی بۆ ناوچە شوێنەوارە مێژوویەکانی ناوچەی توێژینەوەکە.

2- لەهەمان کاتدا، بەشداری و هاوکاری دارای ڕێکخراوە ناوخۆی توانای دارایی دەرەکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی میراتە کلتوریەکان و دەزگاکانی گەشەپێدان پشتگیری تەکنیکی و دارایی بۆ پاراستن لە ناوچەکانی دوای ململانێ و ناوچە گەشەنەسەندووەکان پێشکەش دەکەن (Audefroy, 2022).

3- گەشتیاری بەردەوامی پشت بەستوو بە کۆمەڵگەی ناوخۆی (CBT)، مۆدێلێکی کاریگەر و دەرفەتێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار، چونکە ئەم مۆدێلە جۆرێکە لە گەشتیاری بەردەوام کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە پلانی بۆ دارێژراوە و بەڕێوەدەبرێت و خاوەندارێتی دەکرێت. ئەمەش دەرفەت دەدات بە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ پاراستنی شوێنە کلتوری و مێژوویەکان و ژینگەکەیان، لە هەمان کاتدا داهات لە گەشتیاری

بەدەست بهێنن. ئەم ڕێبازە یارمەتی دانیشتوانی ناوچەکە دەدات کە ڕاستەوخۆ بەشداری چالاکییە گەشتیارییەکان بکەن- وەک بەڕێوەبردنی میوانخانەکان، پێشکەشکردنی خواردنی ناوخۆیی، یان گەشتی ڕێنماییکردن- ئەمەش ڕۆڵیان لە بڕیاردان بەهێز دەکات و گەشەپێدانی دادپەروەرانە و بەردەوام بەرەوپێش دەبات.

4- کاتێک چالاکی گەشتیاری و میراتی کولتووری و شوێنەوارییەکان پێکەوە لە پلانەکانی گەشەپێدانی ناوچەکەدا جێگیر دەکرێن، پەیوەندییەکی بەهێزتر لە نێوان کەرتەکاندا دروست دەکات. ئەمەش یارمەتی حکومەت و ڕێکخراوەکان دەدات پلانی کاریگەرتر بۆ داهاتوو دابنێن و سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کاراتر بەکاربهێنن و وەبەرهێنانی گەشتیاری درێژخایەن ڕابکێشن بۆ ناوچەکە. هەروەها دڵنیای دەدات لەوەی پاراستنی شوێنەوارەکان و گەشەی گەشتیاری پشتیوانی یەکتر دەکەن لەبری ئەوەی بە جیا یان لە ململانێدا کاربکەن.

## 5 .4. هەڕەشەکانی بەردەم گەشەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام لە ناچەی توێژینەوەکە.

1- تێکچوونی ژینگە سروشتی ناوچە شوێنەوارییەکانی ناوچەی توێژینەوەیەکە هەڕەشەیەکی گەورە و جددیە لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان و گەشتوگوزاری شوێنەواری لە ناوچەکەدا و پێوستە ڕێگا چارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. ڕاماڵین و داتەپینی خاکی ناوچە شوێنەوارییەکان، گۆڕانی کەشوهەوا و گەشەکردنی زۆری ڕووەکی سروشتی مەترسی درێژخایەن بۆ پێکهاتە فیزیاییەکانی ناوچە شوێنەوارییەکان دروست دەکات (Scott et al., 2008). زۆرینەی ئەم مەترسیە ژینگەیانە لە ناوچە شوێنەوارایەکانی توێژینەوەکە هەستی پێدەکرێت هەر وەك لە بەشی پێشتر باسمان کرد.

2- لە هەمان کاتدا، مەترسیە مرۆیەکانی وەك فراوانبوونی شارەکان بە شێوەیەکی ڕێکنەخراو، دەستدرێژی و بیناسازی نافەرمی، پرۆژەکانی ژێرخانی شار، دەستدرێژی کشتوکاڵی، هەروەها هەڵکۆڵینی نایاسایی و دزینی شوێنەوارەکان هەڕەشە لە سنوورە شوێنەوارییەکان دەکەن و یەکپارچەیی شوێنەکان تێکدەدەن (Hosagrahar et al., 2016) ، سەرجەم ئەم هەرەشانە بە ئاستی جیاواز و شێوەی جیاواز لە ناوچە شوێنەوارییەکان هەستی پێدەکرێت، هەروەك لە بەشی پێشەوە باسمان کرد.

3- گەشتیاری کۆنترۆڵنەکراو: گەشتیاری بەکۆمەڵ یان ڕێکنەخراو، بە تایبەت لە غیابی ناوچەگەری پارێزەر یان سنووری سەردانکەران، لەوانەیە ببێتە هۆی زیانێکی فیزیکی و ڕەمزی بە شوێنە میراتییەکان (Mason, 2020).

4- ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری لەعێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی لەلایەك و هەروەها پشتگیری خراپی ئەدا حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان لەلایەکی ترەوە لە گەورەترین هەرەشەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزار بەردەوامی پشت بەستو بە شوێنەوارە مێژوویەکانن لە ناوچەکەدا. بەو پێیەی ململانێی ناوچەیی و ناوخۆی و نا ئارامی ئاسایش و ئابوری و حوکمڕانی لاواز لە پاراستنی شوێنەوارەکان دەتوانێت وەبەرهێنان لەو کەرتەدا ڕابگرێت و هەوڵەکانی پاراستن ئاڵۆز بکات و ڕاکێشانی گەشتیاری کلتوری کەم بکاتەوە (Silverman, 2014).

## 7. شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕووی ڕاسپاردەکان

### 6 .1. شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

متمانەپێکراوی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە کە لەم کارە زانستیە خراوەتەڕوو لە ڕێگەی میتۆدۆلۆژیای سێگۆشەییەوە مسۆگەر دەکرێت کە داتای شیکردنەوەی مەیدانی ئەزموونی، دیدگای لایەنە پەیوەندیدارەکان و شیکاری بەراوردکاری لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت. داتا مەیدانیەکانی توێژینەوەکە، لەوانەش پشکنینی مەترسیە ژینگەی و مرۆیەکان و بە دۆکیومێنتکردنی شوێنی بارودۆخی شوێنەوارە مێژووییەکان، هەروەها هەڵسەنگاندنی بارودۆخی گەشتوگوزاری بەردەوام لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی شوێنەوار و گەشتوگوزار، لەوانەش بەرپرسانی ئیداری خۆجێی ناوچەکە، چالاکانی بواری شوێنەوار، نوێنەرانی کۆمەڵگا و شارەزایانی کەرتی گەشتیاری وەك سەرچاوەی زیانیاریدەرانی سەرەکی پشتڕاستکرانەوە. بیرۆکە و ئەزموونەکانی ئەوان یارمەتیدەر بوون لە پێدانی تێگەیشتنێکی واقعی لەئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ئەمەش ئاسانکاری کرد بۆ ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی مەترسییەکان و دیاریکردنی ئەوەی کە هەوڵەکانی بەڕێوەبردنی شوێنەوارەکان لە کوێدا کەم و کورتیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە ئەنجامەکانی شیکاری SWOT و هەڵسەنگاندنی مەترسی ژینگەیی و مرۆیەکان بە وردی لەگەڵ تیۆرییە ناسراوەکان و توێژینەوەکانی پێشتر لە بواری گەشتیاری کلتوری و شوێنەواری و پلاندانانی پاراستن بەراورد کران ( McKercher & Du Cros, 2002; Timothy & Boyd, 2003). ئەو کێشانەی کە لە شوێنەوارەکانی پشدەردا دۆزراونەتەوە- وەك زیانە ژینگەی و مرۆیەکان و لاوازی سیستەمی پاراستن- هاوشێوەی ئەو ئالانگاریانەیە کە لە ناوچەکانی دیکەی هاوشێوەی ناوچەی توێژینەوەکەی ئێمە لە ڕووی سیاسی و ئابووری، لە سەرانسەری جیهاندا دەبینرێن (Audefroy, 2022; Silverman, 2014).

ئەم یەکگرتنە لە داتا مەیدانییەکان، دیدگاکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو ڕەوایەتی دەرەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دوویات دەکاتەوە و پشتگیری لە دارشتنی پێشنیارەکانی پەیوەندیدار و خۆجێی دەکات کە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

## 6. 2. پێشنیار و ستراتیژەکانی پاراستنی میرات و شوێنەوارە مێژوویەکان و پەرەپێدانی گەشتیاری بەردەوام لە ناوچەی توێژینەوە

لەسەر بنەمای ئەنجامە پەسەندکراوەکانی توێژینەوەکە، لە کۆتایدا کۆمەڵێک پێشنیاری ستراتیژی دەخەینە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم و ناوچەی توێژینەوەکە، بە ئامانجی کەمکردنەوەی مەترسییە مرۆیی و ژینگەییەکان بۆ سەر شوێنەوارە مێژووییەکانی قەزای پشدەر، لە هەمان کاتدا پێشخستنی گەشتیاری بەردەوام وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی و ئابووری. ئەم پێشنیارانە ڕەنگدانەوەی ڕێبازێکی فرە ڕەهەندی و فرە پێوەرییە، کە لەسەر بنەماکانی بەڕێوەبردنی یەکگرتووی شوێنەوارە مێژوویەکان و پلاندانانی گەشتیاری دامەزراوە.

1. دارشتنی پلانی بەڕێوەبردنی میراتە کلتوری و شوێنەوارە مێژوویەکان:

بەپەلە کاربکرێت لەسەر چوارچێوەیەکی گشتگیری بەڕێوەبردنی میراتە کلتوری و مێژوویەکان، بە جۆرێك کە بەڵگەنامەکردن و پاراستن و بەکارهێنانی بەردەوامی شوێنەوارە مێژوویەکان لەخۆبگرێت. هەڵبەتە ئەم کارەش پێویستی بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەبێت:

أ- ڕوپێوکردنی گشتگیری جوگرافی و خستنە سەر نەخشەی جیهانی سەروەت و سامانە کولتووری و شوێنەوارییەکانی ناوچەکە، و پۆلێنکردنیان بە گوێرەی گرنگی، بارودۆخ و لاوازی شوێنەکان.

ب- دیاریکردنی یاسایی شوێنە لە پێشنەکان بۆ پاراستنی فەرمی لەسەر ئاستی ناوخۆی یان نیشتمانی.

ت- لە خۆگرتنی ڕێنمایی ڕوون بۆ پاراستن، نۆژەنکردنەوە، بەکارهێنانی زەوی، و پەرەپێدانی ژێرخانی پەیوەست بە چالاکی گەشتیاری لە ناوچە شوێنەوارییەکان.

پێویستە پلانەکە بە هاوبەشی بەشداری پسپۆڕانی میراتی کولتووری، پسپۆرانی گەشتوگوزار، پلاندانەرانی شار، زانایانی ژینگە و لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆییەکان پەرەی پێبدرێت، کە هەم تەندروستیی تەکنیکی و هەم شەرعیەتی کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکات.

2. چاککردن و بەرزکردنەوەی ژێرخانی فیزیکی و لێکدانەوەی شوێنەوارەکان

نەبوونی یان ناتەواوی ژێرخانی گەشتوگوزاری لە شوێنەوارە مێژوویەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هەم هەوڵەکانی پاراستن و هەم ژمارەی سەردانیکەران کەمداتەوە. لەبەرئەوە ئەم پێشنیارانە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخەینەڕوو:

أ- پەرەپێدانی ژێرخانی بنەڕەتی دەستراگەیشتن بە ناوچە شوێنەوارییەکان، وەک ڕێگاوبان، ڕێڕەو و گەمارۆی پارێزەر، لە هەمان کاتدا دابینکردنی ئاسانکاریە گەشتوگوزارییەکانی وەك دابینکردنی شوێن حەوانەی گەشتیاران، ڕیستۆرانت و خواردنگە، تەوالێت، چالاکیە تەرفیهیەکان...هتد لە نزیك ناوچە شوێنەوارییەکان بە گرنگ دەزاندرێت، بەڵام پێویستە بە جۆرێك بێت کە کەمترین کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پاشماوە شوێنەوارییەکان بکات.

ب- دابینکردنی ئاسانکارییەکانی لێکدانەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان، لەوانەش ئاماژەکانی هاتوچۆ و ڕێگاوبان، ڕێبەری دیجیتاڵی و سەنتەری سەردانکەران، هەروەها دابینکردنی ڕێبەری گەشتیاری و شوێنەواری لە ناوچە شوێنەوارییەکان کە گرنگی مێژوویی هەر شوێنێک دەگەیەنن لە هەمان کاتدا ڕەفتاری ڕێزدارانە بەرەوپێش دەبەن.

ت- بەکارهێنانی کەرەستەی ژینگەیی بەردەوام و تەکنیکەکانی بیناسازی لە نزیك ناوچە شوێنەوارییەکان کە لەگەڵ دیمەنی سروشتی و کولتووریدا هاوئاهەنگن.

3. پێشخستنی گەشتیاری میراتی بەردەوام لەسەر بنەمای بەشداری کۆمەڵگەی خۆجێی.

گەشتیاری میراتی بەردەوام دەبێت کۆمەڵگە سەنتەری بێت بۆ دڵنیابوون لە توانای درێژخایەن و دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی داهاتەکان بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا. لەم لایەنەوە ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

أ- ئاسانکاریکردن بۆ کۆمپانیا گەشتیارییە خۆجێیەکانی ناوچەکە، بۆ ئەوەی چالاکیەکانیان لە ناوچە شوێنەوارییەکان ئەنجامبدەن، لەوانەش وەک گرووپی گەشتیاری، بنیاتنانی شوێنی نیشتەجێبوونی نەریتی، و هاوبەشی کاری دەستی... هتد، لە ناوچە شوێنەوارییەکان.

ب- کردنەوەی خولی تایبەت بە بنیاتنانی تواناکان بۆ کادیرانی گەشتیاری و شوێنەوار و دانیشتوانی ناوچەکە کە ڕاهێنان لە لێکدانەوەی کولتووری، میوانداری و بەڕێوەبردنی بزنسە بچووکەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دابین دەکەن.

ت- دروستکردنی سەکۆیەکی کراوە بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا لە بڕیاردان سەبارەت بە پەرەپێدانی گەشتیاری و بەڕێوەبردنی بەردەوامی شوێنە میراتی و مێژوویەکان.

ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە بەشدار دەبن لە بەهێزکردنی توانای مرۆیی ناوخۆیی، هەمەجەشنکردنی ئابووری و چاندنی ئەخلاقی بەڕێوەبردن لە نێوان دانیشتوواندا.

4. کەمکردنەوەی مەترسیە ژینگەییەکان و چاودێریکردنی بەردەوامی شوێنەوارەکان

بە سەرنجدان لە مەترسیە دیارەکانی ڕاماڵین و داتەپینی خاك، گەشەکردنی ڕووەکی سروشتی و ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا، چاودێریکردنی ژینگە و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پێویستە پێکهاتەی دانەبڕاوی پلاندانانی پاراستنی شوێنەوارە مێژوویەکان بێت. لەم بارەوە ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکان بریتین لە:

أ- جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی شوێنەوارەکان بە شێوەی خولیی (1 ساڵ تا 5 ساڵ) جارێك، بە بەکارهێنانی زانستی هەستکردن لە دوورەوە و شیکردنەوەی وێنە ئاسمانیەکان، و مۆدێلکردنی گۆڕانکاریەکان لەسەر بنەمای **GIS**، هەروەها پشکنینی مەیدانی بەردەوام لە شوێنی شوێنەوارەکان گرنگ و پێویستە.
ب- دانانی بەربەستی سروشتی یان ئەندازیاری (بۆ نموونە، بەربەستی رووەکی و بەردین، سیستەمی ئاوەڕۆ) لە ناوچە شوێنەواریەکان، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ڕاماڵینی با و ئاو و داتەپینی زەوی لە شوێنی شوێنەوارەکان.
ت- پەرەپێدانی پلانێکی ورد و گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای هەوای ناوچەکە بۆ شوێنە میراتییەکان، بە جۆرێك کە هاورێك و هاوئاهەنگ بن لەگەڵ ئامانجە ژینگەییە فراوانەکانی ناوچەکە، وەک پلاندانان بۆ بەکارهێنانی زەوی، بەڕێوەبردنی ئاو، و کەمکردنەوەی مەترسی کارەساتەکان.

5. بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگی دامەزراوەیی و یەکخستنی سیاسەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی میراتە کلتوری و شوێنەواریەکان

پاراستنی میرات و پلاندانانی گەشتیاری کاریگەر پێویستی بە ڕێکخستنی دامەزراوەیی یەکگرتوو و ژینگەی سیاسەتی پشتیوانی هەیە. بەم پێیە پێشنیتری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەکەین:

أ- دامەزراندنی لیژنەیەکی هەماهەنگی فرە لایەن لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی شوێنەوار و گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا، کە پێویستە بەشەکانی پۆلیش، ڕۆشنبیری، شوێنەوار، گەشتیاری، ژینگە، و پلاندانانی شارەکان تێیدا بەشداربن.
ب- هاوتەریبکردنی پلانە ناوخۆییەکان لەگەڵ یاسای میراتی نیشتمانی و چوارچێوە نێودەوڵەتییەکانی وەک پێشنیاری یونسکۆ بۆ ساڵی ٢٠١١ سەبارەت بە دیمەنە شارستانیە مێژووییەکان.
ت- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەزگا نێودەوڵەتییەکانی گەشەپێدان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، و دامەزراوە ئەکادیمییەکان بۆ بەکارهێنانی شارەزایی، بودجە، و یارمەتی تەکنیکی، بۆ پشکنینی ناوچە شوێنەواریەکان و پەرەپێیدانی گەشتوگوزاری کلتوری.

6. بەرەوپێشبردنی هۆشیاری کۆمەڵگە و پەروەردە بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان

بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی گشتی و ڕاکێشانی گەشتیاری بەرپرسیار، پێویستە خەڵك و دانیشتوانی ناوچەکە هۆشیاربکرێنەوە لە گرنگی مێژوویی شوێنەوارەکانی پشدەر و بەهای پاراستنیان. ئەمەش دەتوانرێت بە دەستبهێنرێت لە ڕێگەی:

أ- جێگیرکردنی وانەی تایبەت بە پاراستنی شوێنەوارەکان لە پرۆگرامەکانی پەروەردەیی لە قوتابخانە و کۆمەڵگا ناوخۆییەکان.
ب- هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی بە بەکارهێنانی میدیای ناوخۆیی، پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و بۆنە کولتوورییەکانی ناوچەکە.
ت- براندکردن و بەبازاڕکردنی پشدەر وەک شوێنێکی میراتی بەردەوام، جەختکردنەوە لەسەر ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندی کولتووری و جوانی دیمەنی سروشتی و شوێنەواری ناوچەکە.

## 6. 3. ئاراستەی توێژینەوەکانی داهاتوو

لە کاتێکدا ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە خاڵی دەستپێکی جەوهەری پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە مەترسیە مرۆیی و ژینگەییەکان کە ڕووبەڕووی شوێنەوارە مێژووییەکان بوونەتەوە و دەبنەوە، هەروەها توانای گەشەپێدانی گەشتیاری بەردەوامی پشت بەستوو بە شوێنەوارە مێژووییەکان لە قەزای پشدەر دەخاتەڕوو. بەڵام بۆ پشتڕاستکردنەوەی زیاتری ئەم دۆزینەوانە و بە پراکتیکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە ئەرزی واقع، لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە ئەنجام بدرێت. توێژینەوەکانی داهاتووش دەبێ ئامانجیان فراوانکردنی بوارەکان و شیکاری قوڵتر بێت لەم بوارە سەرەکیانەی خوارەوە:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی درێژخایەن بۆ چاودێریکردنی چۆنیەتی گۆڕانی بارودۆخی شوێنەکان و کاریگەرییەکانی پەیوەست بە چالاکی گەشتیاری بە تێپەڕبوونی کات، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ستراتیژییەکانی پاراستن و گەشتیاری.
2. شیکردنەوەی ڕێبازەکانی بەڕێوەبردنی میراتە کلتوری و مێژوویەکان لە ناوچە جیاوازەکانی خاوەن تایبەتمەندی جوگرافی، کۆمەڵایەتی-سیاسی، یان دوای ململانێ هاوشێوەی ناوچەی توێژینەوەکەی ئێمە، بۆ دەستنیشانکردنی باشترین پراکتیزەکان و مۆدێلی گونجاو بۆ بەڕێوبردنی میراتە کلتوری و مێژوویەکان و گەشتوگوزار.
3. پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی ئێستای حکومەت لە بەڕێوبردنی شوێنەوارەکان، کە تا چەند باش کاردەکەن و دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ ناکرێن، لەگەڵ گرنگیدان بە باشترکردنی هەماهەنگی نێوان گروپە جیاوازەکان، دڵنیابوون لە شەفافیەت، و دڵنیابوون لەوەی بەرپرسیارێتیەکان بە ڕوونی پەیڕەو دەکرێن.

## لیستی سەرچاوەکان:


Ahmad, R. (2022). The legal role of government in protecting cultural heritage and archaeological sites in the war-affected countries: the case of Iraq and Syria. *Journal of Liberty and International Affairs*, *8*(2), 281-292 .

Ahn, B., Lee, B., & Shafer, C .S. (2002). Operationalizing sustainability in regional tourism planning: an application of the limits of acceptable change framework. *Tourism Management*, *23*(1), 1-15 .

Audefroy, J. F. (2022). ICOMOS, HERITAGE AT RISK (2020), World Report 2016-2019 on Monuments and Sites in Danger. Technical Report. Hendrik Bäßler verlag, Berlin, 173p. ISBN 978-3-945880-67-8, 180p. *Gremium*, *9*(17), 69-72 .

Bond, S., & Worthing, D. (2016). *Managing built heritage: The role of cultural values and significance*. John Wiley & Sons .

Booth, P. A. (2024). Climate Change Resilience: Sustainable Bioconservation Strategies for Built Heritage .

Brodie, N., & Renfrew, C. (2005). Looting and the world's archaeological heritage: the inadequate response. *Annu. Rev. Anthropol.*, *34*(1), 343-361.

Butt, N. u. S. Z., Wang, X., Luo, L., & Ul Hussan, H. (2025). Evaluating the Impact of Urban Encroachment and Land Cover Changes on World Cultural Heritage Site Taxila: A Spatio-Temporal Analysis from 1990 to 2024. *Sustainability*, *17*(3), 1059 .

Dawson, T. (2023). Heritage destruction, natural disasters, and the environment: atmospheric disasters. In *The Routledge Handbook of Heritage Destruction* (pp. 138-146). Routledge .

Helms, M. M., & Nixon, J. (2010). Journal of Strategy and Management. *Journal of Strategy and Management*, *3*(3), 215-251 .

Hill, T., & Westbrook, R. (1997). SWOT analysis: it's time for a product recall. *Long range planning*, *30*(1), 46-52 .

Hosagrahar, J., Soule, J., Girard, L. F., & Potts, A. (2016). Cultural heritage, the UN sustainable development goals, and the new urban agenda. *BDC. Bollettino Del Centro Calza Bini*, *16*(1), 37-54 .

Hughes, M., Weaver, D., & Pforr, C. (2015). *The practice of sustainable tourism*. Routledge, New York .

Inskeep, E. (1991). *Tourism planning: An integrated and sustainable development approach*. John Wiley & Sons .

Ismagilova, G., Safiullin, L., & Gafurov, I. (2015). Using historical heritage as a factor in tourism development. *Procedia-Social and Behavioral Sciences*, *188*, 157-162 .

Mason, P. (2020). *Tourism impacts, planning and management*. Routledge .

McKercher, B., & Du Cros, H. (2002). *Cultural tourism: The partnership between tourism and cultural heritage management*. Routledge .

Radner, K., Kreppner, F. J., & Squitieri, A. (2019). The Iron Age Dinka Settlement Complex near Qaladze (Peshdar Plain): archaeological Exploration, 2015-2018. *Sumer: journal of archaeology in Iraq*, 165-174 .

Richards, G. (2018). Cultural tourism: A review of recent research and trends. *Journal of hospitality and tourism management*, *36*, 12-21 .

Scott, D., Amelung, B., Becken, S., Ceron, J.-P., Dubois, G., Gössling, S., Peeters, P., & Simpson, M. (2008). Climate change and tourism: Responding to global challenges. *World Tourism Organization, Madrid*, *230*, 1-38 .

Scott, D., Hall, C. M., & Gössling, S. (2016). A report on the Paris Climate Change Agreement and its implications for tourism: Why we will always have Paris. *Journal of Sustainable Tourism*, *24*(7), 933-948 .

Silverman, H. (2014). *Contested cultural heritage*. Springer .

Smith, L. (2006). *Uses of heritage*. Routledge .

Stonich, S. C. (2021). *I am destroying the land!: The political ecology of poverty and environmental destruction in Honduras*. Routledge .

Timothy, D. J., & Boyd, S. W. (2003). Heritage tourism .

خدر, خ. ا. (2008). ڕەهەندە مێژووی سەربازیەکانی قەڵاتی قەڵادزێ. پشدەر 3, 17.

دینکە, ع. ق. (2025 ,2025/4/15). چاوپێکەوتن دەربارەی مێژوووی شوێنەوارەکانی قەزای پشدەر [Interview].

شوێنەوارناس, ئ. ب. ك. ق. (2025). چاوپێکەوتن دەربارەی شوێنەوارەکانی قەزای پشدەر [Interview].

عەلی, م. (2023). ی دەڤەری پشدەرت بینیوە؟ "قەڵات هەولێر" تۆڕی میدیایی 964+. https://ku.964media.com/124543/

غریب, ح. ح. (2024). چاوپێکەوتن دەربارەری قەڵاتی دینکە [Interview]. کەناڵ 8. https://www.youtube.com/watch?si=ofVLaR8gM_gBn-Rt&v=XgumK5902Qc&feature=youtu.be

قاسم, ئ. ب. ك. (2017). قەڵادزێ لە مێژوودا. چەپکە گوڵ 4(4), 30.

میراودەلی, م. ق. (2012). پشدەر لە هەگبەی مێژوودا (یەکەم ed.). چاپخانەی ڕوون.

ناصر, س. ل. م. (2016). دەرامەتە سروشتییەکان و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی چالاکییە ئابوریەکان لە قەزای پشدەردا [ماستەر نامە, زانکۆی سلێمانی]. بڵاونەکراوە.

یوسف, ئ. ژ. ئ. ن. ر. (2017). توانستە سروشتیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوزار لە ناوچە شاخاوییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕیندا [ماستەر نامە, زانکۆی ڕاپەڕین]. بڵاونەکراوە.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 5

# Assessment of human and environmental risks to historic monuments in Pishder district

**Salam Mahmoud Nasser [1], Muhammad We said Muhammad [2]**

1-Department of Geography, College of Humanities, Raperin University, Ranya, Sulaimani, Iraq
2 -Department of Geography, College of Humanities, Raperin University, Ranya, Sulaimani, Iraq

**Article Info**

| Received | **April 2025** |
|---|---|
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Tourism activities, human challenges, environmental challenges, historical heritage, sustainable development.**

**Corresponding Author**

salam.mahmud@uor.edu.krd
mohammed.watman@uor.edu.krd

**abstract**

Historical monuments are an important and valuable cultural resource, introducing us to our past civilization. At the same time, they are regarded as an important economic resource, as they can be invested in tourism activities to become a major source of revenue for the country's economy. Pishdar district in northeastern Sulaimani province in Iraqi Kurdistan Region, which is the study area, contains several important historical monuments. However, the risk of extinction is increasing day by day due to various human and environmental challenges. The most important human threats are urban sprawl, agricultural encroachment, economic infrastructure development, illegal excavation and theft of monuments, all of which contribute to the destruction of historical sites. In addition, environmental threats such as climate change, soil erosion and landslides further threaten these .monuments

The main objective of the study is to assess these risks and identify the main causes and extent of degradation of monuments, using a geographical perspective and propose sustainable strategies for the protection and development of historical heritage Sustainable tourism will be achieved through the integration and use of remote sensing science, geographic .information systems and field surveys

The study analyzes current conservation policies and highlights practical gaps in monument management. It also proposes a comprehensive approach that combines a stronger legal framework, community participation, and the use of advanced technologies such as remote sensing and digital documentation. In addition, combining historical heritage conservation with sustainable .tourism development can provide an economic incentive for conservation

The results of the study provide valuable insights for the preservation of historical monuments in Pishder. They also participate in global discussions on balancing cultural heritage preservation with sustainable regional tourism .development